# ئیمكانی چوونە دەرەوەی **هێزەسەربازییەكانی** سوریە لە خاكی لوبنان

وەرگێرانی لە فارسییەوە : حەمەرەسووڵ كەریمی

دوای پێ داگرتنەوەی فشاری سیاسیی ئەمریكا لە سەر سوریە و درێژە دانی خۆپێشاندانەكانی خەڵكی لوبنان بە دژی سوریە، سەرۆك كۆماری سوریە ئیمكانی پاشەكشەی سەربازی هێزەكانی خۆی لە لوبنان هێناوەتە بەر باس.

بەشار ئەسەد، سەرۆك كۆماری سوریە، لە وتوویژ لە گەڵ رۆژنامەی ئەمریكای " تایم" دا ئاماژەی بە بانگ كردنەوەی هێزەكانی سەربازی خۆی لە لوبنان لە ماوەی چەند مانگێك دا كرد و ئەوەی بە قسەكانی‌یەوە زیاد كرد كە جێبەجێ كردنی بریارێكی ئەوتۆ پەیوەندی بە ئاڵوگۆرەكانی نێو لوبنان و هەروەها باری ئاسایش و ئەمنیەتی سوریەوە هەیە.

دەربرینەكانی بەشار ئەسەد هاوكات بوو لە گەڵ توند و تیژ كردنی فشاری ئەمریكا و وڵاتانی ئوروپایی بۆ سەر وڵاتی سوریە بۆ لابردنی هەرچی زووتری هێزە سەربازی‌یەكانی خۆی لە خاكی لوبنان دا.

رۆژی سێشەممە ۱ی مارس، كاندولیزا رایس، وەزیری كار و باری دەرەوەی ئەمریكا، گووتی كە: سوریە كۆسپی سەر رێگای گەشەساندنی دیمۆكراسی‌یە لە رۆژهەڵاتی ناوین دا و هاوكات رەخنەی لە هەبوونی هێزی سەربازی لە خاكی لوبنان دا گرت و داوای پاشەكشە و بە جێهێشتنی هەرچی زووتری خاكی لوبنانی لە سوریە كرد.

هەروەها میشل بارینە، وەزیری كار و باری دەرەوەی فەرانسە، جارێكی تر داوای لە سوریە كرد كە بە گوێی بریارنامەی شۆرای ئەمنییەتی رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان سەبارەت بە لابردنی هێزە سەربازی‌یەكانی خۆی لە خاكی لوبنان دا بكات و بە كردەوە ئەم بریارنامەیە پەسەند بكا و بەرێوەی بەرێ.

تونی‌بلر، سەرۆك وەزیری وەڵاتی بریتانیا لەوتوویژێك لە گەڵ یەكێك لە رۆژنامەكانی بریتانیا، لە سەر هەڵوێستی كۆمەڵگای جیهانی لە سەر سوریە بە وردی قسەی كردووە و داوای لە سوریە كردووە كە بریار و قەرارە نوێ‌یەكان قەبووڵ بكا و بە كردەوە جێبەجێ‌یان بكات.

ئیسرائیل و ئەمریكا، تەقینەوە خۆكوژی‌یەكەی رۆژی هەینی رابردوو لە تل‌ئاویو ئیسرائیل گرێ دەدەن بە سوریە. ئەم تەقینەوەیە لە كاتی هەبوونی راگرتنی شەر و ئاگربەس لە نێوان هێزەكانی ئیسرائیل و دەوڵەتی خودگەردانی فەلەستین دا رووی دا و ئەو كردەوەیەش لە لایەن دەسەڵاتدارانی فەلەستینی‌یەوە بە توندی مەحكووم كرا.

بەرپرسایەتی ئەو تەقینەوەیە لە لایەن جیهادی ئیسلامی كە گرووپێكی توندرەوی فەلەستینین و لە خاكی سوریە دان راگەیاندرا.

- كێشە و ئاڵۆزی لە لوبنان دا

هاوكات لە گەڵ ئەوانەشدا كێشە و ئاڵۆزی‌یە سیاسیی‌یەكان لە لوبنان دا هەروا درێژەیان هەیە و امیل لحود سەرۆك كۆماری لوبنان هەوڵ دەدا كە لە جێگای عومەر كرامی سەرۆك وەزیرانی وڵاتەكەی كەسێكی‌تر دەست نیشان بكا، عومەر كرامی دوو شەممەی رابردوو لە سەر خۆپێشاندانەكانی خەڵك بە دژی هەبوونی هێزەكانی سەربازی سوریە لە خاكی لوبنان دا دەستی لە كار كێشایەوە.

امیل لحود و دەوڵەتی عومەر كرامی پشتیوانی مانەوەی بەردەوامی هێزە سەربازی‌یەكانی سوریە لە خاكی وڵاتەكەیان دا دەكەن و ئەوە هەڵوێستەش تا رادەیەك ناوبانگی ئەوانی لە نێو خۆێ دا زەقتر كردۆتەوە، بەڵام هاوكات لە گەڵ ئەوەشدا خۆپێشاندەران دژی سیاسەت و بۆچوونی ئەوانن و دژایەتی تەواو لە گەڵ ئەو سیاسەتە دەكەن.

ڕۆژی سێ شەممە سەرۆك كۆماری لوبنان ٤٨ كاتژمێری كات دیاری كرد بۆ ئەوەی تەواوی دەستە و تاقم و قۆڵەكانی نێو پارلمانی لوبنان لە سەر دانان و هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیری نوێ ساخ ببنەوە.

لە لوبنان، پۆستی سەرۆك وەزیری دەبێ بكەوێتە دەستی موسڵمانێكی سوننی مەزهەب ، لە كاتێكدا سەرۆك كۆمار لە مەسیحی‌یەكان و ڕئیسی مەجلیس لە نێوان كەسایەتی‌یە شیعە مەزهەبەكان دا هەڵدەبژێردرێن.

بریار وایە هەڵبژاردنی پارلمانی لوبنان لە هاوێنی ئەم ساڵدا بەڕێوە بچێ و وایدەچێ كە هەبوونی هێزەكانی سەربازی و ئەمنییەتی سوریە لە خاكی لوبنان دا یەكێك لە باسە تەبلیغی و پروپاگەندەكانی هەڵبژاردن بێت لە نێوان دەستە و تاقمەكانی نێو دەسەڵاتی لوبنان دا، هەروا بەردەوام خۆپێشاندانی دژی سوری‌یای لە بەیروت پایتەختی لوبنان درێژەی هەیە وخۆپێشاندەران دەڵێن تا كاتێك هێزەكانی سەربازی و ئەمنییەتی سوریە لە خاكی لوبنان نەچنە دەر ئەوە ئەوان هەروا درێژە بە خۆپێشاندانەكانی خۆیان دەدەن.

ئەو خۆپێشاندانانە نێزیك بە دوو حەوتوو لە مەوبەر بە دوای تیرۆری ڕەفیق حەریری سەرۆك وەزیرە پێشووی لوبنان دەستیان پێكردووە، لە حاڵێكدا زۆربەی لایەنگرانی ڕەفیق حەریری، لە كۆتایی ساڵی ڕابردوو دا بە هۆی هەبوونی جیاوازی بیروڕا لە گەڵ سەرۆك كۆمار لە سەر دەست تێوەردان و هەبوونی هێزی سەربازی سوریە لە كار و باری نێو خۆی لوبنان دا دەستیان لە كار كێشایەوە و ئێستا لایەنگرانی ڕەفیق حەریری دەوڵەتی سوریە بە بەرپرسی یەكەمی تیرۆری ڕەفیق حەریری دەزانن.

بەشێكی بەرچاو لە خۆپێشاندەران هێزەكانی ئەمنییەتی سوریە بە تاوابنار دەزانن لە ئاست تیرۆر كردنی تێكرای كەسایەتی‌یە لوبنانی‌یەكان، لە دەیەكانی ساڵانی ڕابردوو دا. هەر لە هەمان كاتدا كاربەدەستانی سوریە لە ئاست تیرۆری ڕەفیق حەریری دا خۆیان بە تاوانبار نازانن و هەر جۆرە دەست تێكەڵاو بوونێك لەو تیرۆرەدا ڕەد و پاشگەز دەدەنەوە .

لە ئاست داواكاری كۆمەڵگای نێونەتەوەیی و خۆپێشاندەرانی لوبنانی دا، تا ئێستا سوریە تەنیا بەوە ڕازی بووە كە هێزەكانی خۆی لە بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی لوبنان بەرەو سەر سنووری سوریە و لوبنان بگوازێتەوە، بەرپرسانی سوریە گوتوویانە: خەڵكی لوبنان خوازیاری مانەوەی هێزەكانی سەبازی سوریەن لە خاكی لوبنان دا.

بەشێك لە سیاسەتمەداران لە سەر ئەو باوەڕەن كە فشاری ئەمریكا لە سەر سوریە بۆ چوونە دەرەوە لە خاكی لوبنان، بە بەشێك لە سیاسەت و هەڵوێستەكانی ئاشكرای جۆرج بووش، سەرۆك كۆماری ئەمریكا بۆ بەرفراوان كردنی دێمۆكراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەزانن و ئەوەش دژكردەوەیەكە لە ئاست زیاد بوونی توندڕەوانی مەزهەبی و دینی لە ناوچە دا.

- سی ساڵ مانەوە لە لوبنان دا

مانەوەی هێزەكانی سەربازی و ئەمنییەتی سوریە لە خاكی لوبنان دا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٧ی زائینی و كاتی شەری ناوخۆیی لوبنان لە سەر جیاوازی لە نێوان مەسیحی‌یەكان و موسڵمانەكان دا.

ناسیونالیستەكانی سوری و حیزبی دەسەڵاتداری بەعس لەو وڵاتە دا، هەمیشە لوبنان‌یان پێ بەشێك لە " سوریەی گەورە" بووە، كە دوای شەری یەكەمی جیهانی، بە دەستی فەرانسە لە سوریە و لە ئیمپراتوری عوسمانی جیا كرایەوە. دوای شكستی دەوڵەتی عوسمانی لە شەری یەكەمی جیهانی دا و دابەش كردنی ئەو ئیمپراتوری‌یە، سوریە و لوبنان وەك "مستعمرە" كەوتنە دەستی فەرانسە.

لە دەیەی ١٩٨٠ی زائینی دا ڕێژەی هێزە سەربازی‌یەكانی سوریە لە خاكی لوبنان دا لە هێندێك بواردا گەیشت بوونە نێزیك بە ٣٠ هەزار كەس،ئامانجی سەرەكی مانەوەی ئەوان لە خاكی لوبنان دا بەرگری لە بەرامبەر ئیسرائیلی‌یەكان لە بەشێك لە خاكی لوبنان دا بوو، كە لە ساڵەكانی ١٩٧٨ تا ١٩٨٢ی زائینی دوو جار چەند شوێنێكیان لە لوبنان خستە ژێر دەست و كۆنترۆلی هێزە سەربازی‌یەكانی خۆیان.

دەست تێوەردانی سوری‌یەكان لە دەیەی ١٩٧٠ی زائینی بە ئامانجی پشتیوانی كردن لە دەستە و تاقمەكانی مەسیحی لە بەرامبەر بە موسڵمانان دەستی پێكرد، بەڵام دوایە بەرەبەرە بە مەبەستی پێشگیری لە شەڕی نێوان هێزەكانی سوننە مەزهەب و شێعەكان دا لە ساڵی ١٩٨٧ دا پایتەختی لوبنانیشی گرتەوە.

لە ساڵی ١٩٨٩ی زائینی بە نێو بژیوانی یەکێەتی عەرەبی، شەری نێوخۆیی لوبنان لە نێوان دەستە و تاقمە جۆراوجۆرەکاندا کۆتایی پێهات و ئاگربەس ڕاگەیاندرا و لە هەمان کاتدا دەوڵەتانی عەرەبی ئەرکی چاوەدێری ئەو ئاگربەسەیان بە هیزەکانی سوریە سپارد.

بریار وابوو هێزەکانی سوریە تا ساڵی ١٩٩٢ لە بەیروت بچنە دەر و لە کێوەکانی هەڵکەوتوو لە ناوەندی لوبنان دا جێگر و سەقامگیر ببن و دوایەش بەرەبەرە لوبنان بە جێ بێڵن، بەڵام تەنیا لە ساڵی ٢٠٠١ی زائینی دا بوو کە سوریە بەشێك لە هێزەکانی خۆی لە لوبنان کێشانەوە دوایە، لە کاتێکدا کار بەدەستانی ئیسرائیلی ساڵێك پێشتر هێزەکانی سەربازی خۆیان لە ناوچەکانی باکووری لوبنان کێشا بوونەوە دوایە و ئەو ناوچەیان بە جێ هێشت بوو.

لە سیپتامبری ٢٠٠٤ی زائینی دا، شۆرای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بریارنامەی پێشنیهادی ئەمریکا و فەرانسە کە هەڵگری داواکاری چوونە دەرەوەی یەکجاری سوریە لە خاکی لوبنان دا بوو پەسەند کرد، بەڵام دەوڵەتی سوریە لە جێبەجێ کردنی ئەو بریارە خۆی بوارد و هیچ هەنگاوێکی بۆ چوونە دەرەوە لە خاکی لوبنان دا هەڵنەهێناویەوە.

ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەوڵەتی سوریەی بە پشتیوانی کردن لە دەستە و تاقمە شەرکەرەکانی ناوچە و بە تایبەت حیزباللەی لوبنان و شەرکەرەکانی فەلەستینی بە دژی سوڵح و ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینی‌یەکان تاوانبار کردووە.

لوبنانی‌یە بە هەڵوێست و دژی سوری‌یەکانی نێو لوبنان، بوونی هێزی سەربازی و ئەمنییەتی سوریە لە خاکی وڵاتی خۆیان دا بە کۆسپێکی سەرەکی سەر ڕێگای دابین بوونی حکومەتی ناوەندی لوبنان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی نێوخۆی وڵاتی لوبنان دەزانن و لە هەمان کاتدا ئەوان بە بەڕێوەبەری سەرەکی کەم ڕەنگ کردنەوەی سیاسەتەکانی نێو خۆی وڵاتی لوبنان دەزانن.

ئەمرۆ بەشی هەرە زۆری وڵاتانی عەرەبی لە هەوڵی نیشان دانی ڕوخسارێکی باشتری خۆیانن بە دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و هەوڵ دەدەن کە لە نێزیك بوونەوە لە وڵاتی سوریە خۆ بپارێزن، بەڵام لە لایەکی‌ترەوە ئێران پشتیوانی خۆی لە سوریە جارێکی‌تر دووپات کردۆتەوە و لە مەر هێندێك مەسەلە قەولی هاوکاریان بە یەکتر داوە.

بە گووتەی بەشێك لە سیاسەتمەداران، هەر کات سوریە ناچار بێت بە بێ هیچ پێك گەیشتنێکی تایبەتی لە باری ئاشتی لە گەڵ ئیسرائیل، خاکی لوبنان چۆل بکات، ئەوە وڵاتی سوریە گەورەترین پێگەی فشار بۆ بە چۆك داهێنانی ئیسرائیل بۆ چۆل کردنی بەرزای‌یەکانی جولان لە دەست خۆی دەدات .

ئەو بەشە لەو بەرزای‌یانەی خاکی سوریە لە شەری ١٩٦٧ی زائینی نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیلی‌یەکان، کەوتە ژێر کۆنترول و دەسەڵاتی هێزەکانی سەربازی ئەرتەشی ئیسرائیل.

٢٠٠٥-٠٣-٠٢

---

**سەرچاوە** : بی‌بی‌سی